# نوسەری بێ ویژدان. . . . . .علی رواندوزی

خۆتان لە گێژی مەدەن پێوەرەکانتان راست بکەنەوە بە وردی سەیری هەڵ و مەرجی ئەم سردەمەبکەن تا بزانن ژمارەو راستیەکان چۆن ئەدوێن، سەیری هەرچوارلای سنورەکمان بکەن کامیان کەمتر لەمردن ومالٚ کاول بونمان بۆ بە هیوا ئەخوازێت، تاوانەکانیشمان تەنیا ئەوەیە کە ئێمە بە نەژاد کوردین.
دوژمەنانمان هێندە زۆرن بۆیە پوچە ڵکردنی پیلانەکانیان ودەست نیشانکردنی ناحەزان و چارەسەرکردنیان وبەرەنگاربونەوەیان کارێکی ئاسان نیە ئەم ئەرکەش تنیا لە ئەستۆی دامو دەزگاکاندا نیە بەڵکو لە ئەستۆی هەمومانە، هێزیشمان لەیەك بونمان دایە لە دوای رودانی چەند کارەساتێکی تیرۆریستی دڵ تەزێن بەدەستی ناکەس بێچوەکان لە هەرێمی کوردستان بەگشتی وە پەلامارەکانی باندە مێشك بۆگەنەکان و گروپە تیژ ڕەوەکانی تەکفیری وەهابی و. . . هتد لە هەولێری پایەتەخت بە تایبەتی، کاریگەرییێکی ئەوتۆی لە ناخمان کرد.
لەم ساتانەداچەند کەسانێك بە نوکی پێنوسەکانیان گشت دامو دزگاکانی ئاسیش وپاراستنیان تاوانبارئەکرد هەر بەمەش نە وەستان بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بە تێکرایی خستە بەر تەوژمی ڕەخنە لێگرتن و تیرو توانج بە هەندێك جۆرە بۆ چونو وشەی نالەبار بە بیرکردنەوەیەکی تەسك وساویلکانە کە تەنیا توڕبونیان لێ بەدی ئەکرا، وە جارێکی ترنە یان توانی پێوەرەکانیان بە وردی بەکار بهێنن کۆنترۆلی حالەتی هەڵچونی دەرونی خۆیان بکەن، من پاکانە لە کەس ناکەم وە داواش ئەکەم هەر کەسێکی تاوانبار و کەم تەرخەم دەبێت بە سزای خۆی بگات.

من لام وایە کارێکی نا ئاساییە ئەم کەسانەی خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن زۆر بە زویی دڵگیر دەبن ڕقەکانیان دەخەنە سەر لاپەرە، بەچاویلکەیەکی ڕەش بین هەموو شتێک ئەبینن وە هەمو کەسێکیش لایان خراپەو تەنیا خۆیان نەبێت وە خۆشیان پێ لە هە موو کس کوردپەروەرترە چاوەرێی ئاوی شێلو دەکەن بۆ ماسی گرتن و ئیلهامیان بۆ دێت بۆ قسەی" زل""زل"، وە کارو پیشە یان تەنها ڕەخنە گرتنە.

وە باغە ڵیشیان بەتاڵە بۆچارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان، تەنانەت ناتوانن پێشنیارێك بکەن بۆکێشەکان، بۆیە ئەڵێم بێ ویژدان مەبن ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە چۆن بەم شێوەیە شارو شارۆچکە کان و رێگاوبانەکان سەقامگیرن وە ئایا ئەزانن جیاوازی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق چەند گورەیە لەهەمو لایەن و بوارێکەوە، ئنجا پرسیار لە خۆتان بکەن بڵێن کێ بەم ئرکانە هەلئەستێ وە چۆن بەرێوە ئەچێت ئەم راستیەش بزانن ئێمە لەمەریخ ناژیێن ولە زوحەل کار ناکەین وە ولاتەکەشمان جمهوریەی ئەفلاتون نیە گەندەلیشمان تیادا هەیە.

بۆیە ئەڵێم بێ ویژدان مەبن لێ مەگەڕێن ڕق وقینەکانتان بەسەرتان زاڵبێت واتان لێ بکات هەمو کەسێك لاتان تاوان بار بێت. ئەرکی سەر ئەستۆی ئێوە یە هەستی کوردایەتی ببوژێنەوە تاوەکو هەستی هاوولاتی بوون بەرزبکرێتەوە، تاکە کەسیش خۆی بە خاوەن وڵات بزانێت، کوردستانیش مولکی هەمو کوردێکە وە ئەبێت هەمو ئریت و نەریتەکان (پۆزێتیڤ و نێگەتیڤ) رەچاو بکرێت خەڵك هۆشیار بکرێتەوە،

من بەش بە حالی خۆمەوە دەست خۆشی و پشتگیری لە دامو دەزگای ئاسایش و پاراستن وپۆلیس و گاردی نیشتیمانی ئەکەم ئێستاش هەروەکو پێشمەرگەیەك سەیریان ئەکەم رێزیان لێ ئەگرم بەڵام دە بێت شێوازێکی تر هەڵس و کەوت بکەن بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ هەڵ و مەرجی ئەم سەردەمە، هیوا دارم کارە کانیان بەرەو چاکتر و پێشکەوتن بچێت.

Aliabdulla12@hotmail. com